# لەپێناو جێگیرکردنی مافەکانی پەنابەراندا، هێنانە مەیدانی بزوتنەوەیەکی بەهێز و ڕیکخراومان پێویستە!

## فیدراسۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی کۆنگرە ی خۆی دەبەستێت

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی ڕۆژانی 25–26 ئۆگست لە وولاتی سوید کۆنگرەی خۆی بەرپا دەکات.

ئامانجی ئێمە لەم کۆنگرەیە، هەنگاو هەڵهینانە بەرەو هینانە مەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز و ریکخراو لەدەوری مافەکانی پەنابەری. بێگۆمان ڕێکخستن ویەکگرتووکردنی ریزەکانی پەنابەران وکۆکردنەوەی تەواوی هەوڵ و توانا و خەباتێك کەچ ئێستا لەمەیداندایەو چ ئەوەی لەچەندسالی رابردودا بەدژی سیاسەتی دەوەڵەتانی ئەورویا خۆی نیشاندا وە، لەگەڵ هاوپشتی و پشتیوانی کردنی خەڵکی ئازادی خواز و ریکخراوەئینسانی وپەنابەری و مافی مرۆڤ لەم ولاتانەدا، ئەتوانێ فاکتۆریکی کاریگەربێت نەك هەر بۆ راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بەڵکو داسەپاندنی تەواوی خواستەکانمان. ئێمە لەم کۆنگرەیەدا هەوڵەکانمان بەم ئاراستەیەدا کۆدەکەینەوە و ریکخراوی دەکەین. هاوکات پێویستمان بەراوەستان لەسەر یەك ئاسۆی رۆشنی ئینسانی و خەباتکارانەهەیە هەربۆیە لەم کۆنگرەیەدا:

- هەولدەدرێت، بەرۆشنی و هەمەلاینە بارودۆخەکانی درێژەکیشانی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان و فراوان بوونەوەی کوشتاری ڕۆژانەو تیرۆرو تەقاندنەوە وپیکدادانی تایفەگەری و قەومی ونەمانی ئەمنیەت وئاسایش لەشارەکانی عیراق و هەروەها بارودۆخی نادیاری چارەنوسی خەڵکی شارەکانی کوردستان، وەك ریشە سیاسی و کۆمەلایەتیە سەرەکیەکانی دەرکەوتنی دیاردەی پەنابەری و روتێکردنی هەزاران پەنابەری کورد وعیراقی هەڵسەنگینین و بۆ پراتیکی خەباتکارانەمان ئەنجامگیری لێ بکەین.
- لەبەر رۆشنایی ئەم باسانەش کۆنگرە هەولدەدات رێگا چارەی گونجاو وئینسانی بۆکیشەی پەنابەری وپەنابەرانی عیراقی گەلاڵەبکاتەوە و بیکاتە بنەمای کاری داهاتووی خۆی.
- هەروەها کۆنگرە هەولدەدات هەموو ئەو نەخشانەو هەنگاوانەی پێویستن لەراستای بەرگرتنی خێرا بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد و عیراقی پەسەند بکا و بۆ هەڵسورانی داهاتووی وەك پلاتفورمیکی پەسەندکراو لەسەری راوەستێ.

سەرەرای ئەمانە لەم کۆنگرەیەدا چەندین کەسایەتی ئەوروپایی و عیراقی و کوردستانی و نوینەرانی چەندین ریکخراوەی پەنابەری و مافەکانی مرۆڤ و هەروەها نوینەری نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمنستی ئەنتەرناسیونال وئەندام پەرلمانی ئەوروپا بانگهێشت دەکرین بۆبەشداری لەبارنامەکانی کۆنگرەدا.

ئەم کۆنگرەیە بە ئامادەی ناوەندەکانی راگەیاندن و میدیاکان بەریوەدەچێت، تا هەواڵەکان و راپۆرتی کاری کۆنگرە بەرای گشتی بگەیەنن.

### بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بۆ هەموو لایەك ئازادە

ئەم دوو رۆژە کۆنگرەی فیدراسیۆن لە ستکۆکۆلم لە ناوچەیەکی سیاحی بەرگوزار دەکرێت وجێگای مانەوە بۆ بەشدار بوان دابین دەکرێت.

بۆ ناونوسینی بەشداری لەکۆنگرە دەتوانن بەم ژمارە تەلەفوونانە پەیوەندی بگرن بە خالد حمە بەژمارەی(0046736306871) ئاسۆ گوران بە ژمارەی(00447895636633) و هاورێ فاتح بە ژمارەی (0046704454159)

**سکرتاریتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-7-2

hama_khalid@hotmail.com asobalabarz116@hotmail.com hawryh@yahoo.se

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 , 00447895636633
ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com www.csdiraq.com